زانكۆی سەلاحەدین-هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# لێكسیكۆلۆجی

## (وەرگرتن) + (داتاشین)

مامۆستای بابەت/ شاهین حمدامین سادق

# ڕێبازی وەرگرتن.

بەهۆی پێویستی و بەرهەم هێنانی بەردەوام لە نێو بوارە جیا جیاکانی ژیاندا، زمان هەردەم پێویستی بە وشە دەبێت، بەڵام ئەم پێداویستیە هەمیشە لە نێو خۆی زمانەکەدا تەواو نابێت. بۆیە ناچار لە زمانیترەوە وشە هاوردە دەکات، کە ئەم هاوردەکردنەش لە پڕۆسەی ڕێگاکانی سازکردنی وشە پێێ دەگوترێت وەرگرتن، ئەم ڕێگایە زۆر چاڵاک و گشتیە، چونکە ئەم دیاردەیە لە هەموو زمانەکانی جیهاندا بوونی هەیە، تەنانەت زمانە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەکان و زمانە پیشکەوتوو و دواکەوتووەکانیش ئەم دیاردەیە دەبینرێت، سەرچاوەی وەرگرتنی وشە لە نێو زمانی کوردی زمانی عەرەبی بووە لە پێشدا، بەڵام ئێستا زمانەکەمان زیاتر ڕووی لە زمانە ئەوروپیەکانە بۆ وەرگرتن، کە هەندێ جار ئەم وەرگرتنە پێویست نییە، چونکە لە زمان دا هەمان وشەمان بەهەمان واتا هەیە، وەکو:

میلۆدی – ئاواز
ستادیۆم – یاریگا
سایکۆ – دەروون .....هتد

# جۆرەکانی وەرگرتن.

وەرگرتن دەکرێ لەو زمانانەوە بێت کە هاوخێزان و هاوگرووپن: وەکو/ زمانەکانی فارسی، بەلوچی، ئینگلیزی و زمانە هیندۆ ئەوروپیەکانی تر، هەروەها دەشێ لە زمانی جیاوازیشەوە بێت کە بەپێی چەند هۆکارێکی ئایینی، داگیرکاری، و دراوسێیەتی ڕوو دەدەن، وەک زمانەکانی: عەرەبی و تورکی. زۆر جار وشەکان ڕاستەوخۆ بە هەمان فۆڕم و گۆکردنەوە وەردەگیرێن، بەڵام هەندێ جار لەڕووی دەنگسازییەوە لەگەڵ زمانە وەرگرەکە دا دەگونجێندرێت و کەمێک دەستکاری دەکرێت و گۆڕانی بەسەردا دێت. بەم پێیە ڕێبازی وەرگرتن دەکرێت بە دوو بەشەوە.

١- وەرگرتن وەکو خۆی ( بەبێ دەستکاری) وەک لە وشەکانی (ئۆکسجین - Oxygen )(رادیۆ - Radio)(سینەما – Cinema )(ئەنزیم - Enzyme)(دۆلفین - Dolphin )(ڕادار - Radar)(هایدرۆکاربۆن - Hydrocarbon) ......هتد

٢- وەرگرتن بە دەستکارییەوە ( گونجاندن) وەک لە وشەکانی ( فسفۆڕ - phosphorus )(فیزیا – Physics)(مەکینە - Machine )(تەنەکە – Tin)(پاتری - battery)(تەلەفزیۆن – Television)(پەتاتە - potato)......هتد هەروەها هەندێ وشەش کە لەزمانی عەرەبی وەرگیراون و نەتوانراوە وشەی پەتی کوردی لەبەرامبەریان دروست بکرێت وەکو : حەج، زەکات، سوجدە، ......هتد

# ڕێبازی وەرگرتن و ناچاریی لە پەیڕەوکردندا.

ڕێبازی وەرگرتن وەک باسمان کرد ڕێبازێکە لە ناچاریدا پەیڕەو دەکرێت، بەو مانایەی کە ئەگەر لەزمانی کوردیدا وشەیەکمان نەبوو بۆ ئەو مەبەستەی زمان پیویستی پێیەتی ئینجا هانا دەبرێتە بەر ئەو ڕیبازە، بەڵام دەبینین کە کۆمەڵێک وشەی پەتی کوردی ڕوان و جوان هەن لە زمانەکەمان و لەهەمان کاتیش وشەی ترمان وەرگرتووە لە زمانیتر و بەکاری دەهێنین وەک: سیاسەت – ڕامیاری، حکومەت – میری، شعر - هۆنراوە، شاعر – هەستیار، ئەدەب – وێژە، ئەدیب – وێژەر، بەیت – دێڕ، قافیە – سەروا، بەلاغە – ڕەوانبێژی .......هتد بۆیە دەبێ ئاگادار بین کە ڕیبازی وەرگرتن لە خۆوە و هەڕەمەکی نییە، بەڵکو سنوردار و دەستووردارە، ئەگەر زمانەکەمان پێویستی بە وەرگرتنی وشە بوو دەبێ سەرەتا بزانین و دڵنیا بین کە ئەم وشەیەی وەریدەگرین لە زمانەکەی خۆمان نییە، دوای ئەمە پرۆسەی وەرگرتن چەند بناغەیەکی هەیە کە پێویستە ڕەچاو بکرێت.

# بناغەکانی پڕۆسەی ڕێبازی وەرگرتن.

**بناغەی یەکەم:** پێویستە ئەو وشەیەی وەردەگیرێت، بزانین لە زمانەکەی خۆیدا بۆ چ مانا و مەبەستێک بەکار دێت و لە زمانەکەی خۆشمان بۆ هەمان مانا و مەبەست بەکاری بهینین بەبی دەستکاری لە ماناکەی و بۆ هەمان شتی داهێنراو وەربگیرێت. ئەگەرچی ئەم بناغەیە بناغەیەکی سەرەکییە بەڵام دەبینین هەندێ وشە هەن کە زمانەکەمان وەریگرتووە بەڵام بۆ مانا و مەبەستێکیتر بەکاری هێناوە، وەکو: ( بەلووعە) کە لە زمانی عەرەبی وەرگیراوە، لە بنەڕەت دا ئەم وشەیە لە ( بالوعە) ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، کە لەو زمانەدا بەمانای ( زێراب) بەکار دێت، بەڵام ئێمە لە زمانی کوردیدا بەرامبەر بە وشەی ( الحنفیە)ی عەرەبی بەکاری دەهێنین. ئەمەش لادانێکی ناپەسەندە و لەگەڵ بناغەی یەکەمی ڕیبازی وەرگرتن پێچەوانەیە.

# بناغەکانی پڕۆسەی ڕێبازی وەرگرتن.

**بناغەی دووەم:** وەرگرتنی ڕاستەوخۆ، وشە وەرگیراوەکان بەرهەمی درەختی زمانەکە خۆیەتی و لە ئەنجامی پێشکەوتن و گۆڕانی ئابوری و زانستی وکۆمەڵایەتی و دەروونی ئەو میللەتەوە هەڵقوڵاون کە دروستی کردوون، بۆیە کاتێک ئێمە زمانەکەمان پێویستی بە وشەیەک دەبێ و لە ریگای وەرگرتن ئەو پێداویستیەی زمان پڕ دەکەینەوە، دەبێت ڕاستەوخۆ لە زمانەکە خۆیەوە وەریبگرین و لە زمانێکیترەوە وەرینەگرین کە ڕەنگە بەهۆی گۆڕانکاریە فۆنۆلۆجیەکانی زمانی دووەم گۆڕانیان بەسەردا هاتبێت، وەکو وشەی ( کلاسیک – classic) کە کورد لە ئینگلیزی وەریگرتووە، بەڵام ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە و خۆی ( کلاسیس – classis) بووە، واتە لە کلاسیک دا (ک) لە وشە کوردییە وەرگیراوەکە زیادەیە هیچ بوونێکی لە زمانە ڕەسەنەکە نییە کە زمانی لاتینییە،

# بناغەکانی پڕۆسەی ڕێبازی وەرگرتن.

**بناغەی سێیەم:** کاریگەری فۆنەتیکیی و دەستووری وشەسازی کوردی. بێ گومان هەموو زمانێک یاسا و دەستووری تایبەت بەخۆی هەیە لە سازکردنی وشەدا، بۆیە کاتێک بۆ زمانی کوردی وشەیەکی بێگانە وەردەگرین لە ژێر ڕۆشنایی ڕیبازی وەرگرتندا دەبێ دەنگەکانی وشەکە بخەینە ژێر کارتێکردنی فۆنەتیک و دەستووری وشەسازی زمانەکەمان، بۆ ئەوەی بەرگیکی کوردی خۆماڵی بەبەردا بکەین. وەکو وشەی ( قەڵەم) کە لە (القلم)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە و خراوەتە بەر تیشکی یاسا و دەستووری فۆنەتیک و وشەسای کوردییەوە. کە وشەکە بە گۆڕینی (ل)ی سوکی وشە عەرەبییەکە بۆ (ڵ) وەرگیراوە. وەک باسمان کرد ڕیبازی وەرگرتن لەسەر ئەو سێ بناغەیە پەیڕەو دەکرێت، بۆیە ئەنجامی ئەو پەیڕەوکردنەش دەبێتە هۆی بەرهەمێکی زانستی، لە بواری وشەسازیدا. لە کۆتایی دا ئەوەی گرینگ بێت لەسەر ڕیبازی وەرگرتن ئەوەیە ئەگەر ئەم ڕیبازە بەهەڵە بەکار بهینین ئەوا زمانەکەمان دوای ماوەیەکی زۆر کەم دەبێتە زمانێکی بێگانە و پڕ لە وشەی بیانی دەبێت، بۆیە دەبێت ئاگادار بین و بە هۆشیارانەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕیبازەدا بکەین، بە تێگەیشتن زانین نەبێت هەرگیز ئەم رێگایە بەکارنەهینین.

# ڕێبازی تێکەڵ کردن.(داتاشین)

ڕیبازێکە بۆ سازکردنی وشەی نوێباو بەکاردێت، کە بریتی دەبێت لە دوو وشەی سادە و دوای قرتاندن و فڕیدانی دەنگێک یا زیاتر لە یەکێک لە وشەکان یان هەردووکیان، دواتر لێکدانیان و سازکردنی زاراوەیەکی نوێ لە هەردوکیان. ئەگەر لە هەندێ وشەی زمانەکمان وورد بینەوە و هەوڵی شیکردنەوەیان بدەین هەندێ ڕاستیمان بۆ دەردەکەوێت. وەک : لە وشەی ( ماستاو) کە لە وشەکانی ( ماست ) و ( ئاو) پێکهاتووە، دەبینین دەنگی سەرەتای وشەی (ئاو) قرتێنراوە و پاشماوەکەی لەگەڵ وشەی (ماست) وشەیەکی نوییان سازکردووە و کە (ماستاو)ە.

هەندێ نمونەیتر بۆ زانیاری: (شمەک) لە شت و مەک دوای قرتاندنی دەنگی (ت) لە شت دروست بووە.

(گاسن) لە (گا) و (ئاسن) دوای قرتاندنی هەردوو دەنگی (ئا) لە ئاسن دروست بووە.

(زانکۆ) لە (زان)ی (زانین) و (کۆ)ی (کۆکردنەوە) دروست بووە.

(ڕۆڤار) لە (ڕۆ)ی ڕۆژنامە و (ڤار)ی گۆڤار دورست بووە.

# بەهیوای سەرکەوتن